# لە پشت کوشتنی ئافرەتدا خۆی حەشار داوە
# عەقڵییەتێکی ئاراستەکراو



**کوشـــتنی مرۆڤ بە هـــەر بیانوویەکەوە بێت، دەچێتە خانەی تـــاوان و لە زۆربەی وڵاتانـــی دنیاش بەپێی یاســـا، بکوژ بە توندی ســـزا دەدرێت، بـــەڵام لە هەندێ کۆمەڵگەی نەریتیدا کوشتنی ئافرەت بە بیانووی پاراستنی شەرەف وەک کوشتنێکی ئاسایی سەیر دەکرێت، زۆر جاریش بکوژ بە ئاسانی لە دەستی یاسا دەرباز دەبێت. ئایا ئەو عەقڵییەتە ئاراســـتەکراوەی کە لە پشـــت کوشـــتنی ئافرەتدا خۆی حەشار داوە، دەبێت چۆن ڕووبەڕووی ببینەوە و ڕێکارەکانی چارەســـەر و نەهێشـــتنی ئەو تاوانانە چین؟ بەشـــداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان وەڵامی ئەو پرسیارە دەدەنەوە.**

زۆرجـــار دوای ئـــەوەی ئافرەتێك لـــە كۆمەڵگەی ئێمە دەكوژرێت، گوێبیستی ئەوە دەبین كە دەگوترێ: بەهۆی كێشەیەكی كۆمەڵایەتییەوە كوژراوە، هەندێك جاریش ئەو تاوانە گەورەیە بە ئاسایی وەردەگرن، چونكە هەرچەندە ئەو ئافرەتە بێتاوانیش بووبێت، ئەوا بە ئاســـانی بكوژان دەتوانن تۆمەتی ناموسی بخەنە پاڵی و بەوەش جۆرێك لە پاڵپشـــتی نەریتی لە لایەن تاكەكانی كۆمەڵگەوە بۆ خۆیان مسۆگەر بكەن.

چالاكی كۆمەڵگەی مەدەنی شـــوان ســـابیر گەردی سەبارەت بە كوشـــتنی ئافرەتان ڕایوایە ئەوە پەیوەندی بە (عادات و تەقالید و عورفی) كۆمەڵگە و ئاســـتی دواكەوتنی بەها مرۆییەكانـــەوە هەیە، هێما بۆ ئەوەش دەكات كە دوو جۆر كۆمەڵگەمان هەیە، كۆمەڵگەیەك وابەستەی ئایینە، جا سەماوی بێت، یان دروستكراوی مرۆڤ، كۆمەڵگەكیش وابەســـتەی ئـــەو مەفاهیم و بەهایانەیە كە مرۆڤایەتی لە ویژدانی مرۆڤدا دەیرووێنێ، گوتیشـــی: «گەرچی هیچ دینێك بە سووكی سەیری ئافرەت ناكات، بەڵام ئەو كۆمەڵگەیانە كە ئافرەت تیایدا بێ بەهایە و لەســـەر دەستی پیاو بە بیانووی جۆراوجۆر دەكوژرێن، زیاتر ئەو كۆمەڵگەیانەن كە وابەستەی دینن، واتـــە هیچ دەقێك وەدی ناكرێ كە ئافرەت بەو كەمییە سەیر بكات لە ڕووی ئیسنان بوونەوە، (من باسی حقوق و ئیلتیزاماتی شـــەرعی ناكەم)، بەڵام لە مومارەسەدا كە لە نەزعەی پیاوســـالارییەوە سەرچاوە دەگرێت، پیاو خـــۆی بە بڕیـــاردەر و گەورەتر و خـــاوەن مافی زیاتر دەزانێ، بەداخەوە ئەو پیاوســـالارییەش لە یاساكانی ئەو كۆمەڵگایانـــە ڕەنگی داوەتەوە، چونكە بە نەتیجە پیاو یاسای داناوە و دایدەنێت.

شـــوان سابیر چارەسەر لەوەدا دەبینێت كە بەرنامەیەكی ڕۆشـــنبیركردنەوەی تۆكمە هەبێت كە هەموو لایەنەكان (پیاوانی ئایینی، پەروەردە، كۆمەڵناسان، دەروونناسان، یاســـاییەكان، سیاسییەكان) بەشـــداری تێدا بكەن بە یەكەوە هەڵمەتێكی هۆشیاریی سەرتاسەری و گشتگیر لە دژی كوشـــتنی ئافرەت دەستپێبكەن، هاوكات سزای توندیش بۆ تاوانباران دابندرێت.

ئومێـــد عەلی قوتابی ماســـتەر لە بـــواری ڕەگەز و ئەدەبیاتـــدا لـــە زانكۆی (بانگەلۆر)ی هندســـتان، بۆ قسەكردن دەربارەی كوشـــتنی ئافرەت و هۆكارەكانی، سەرەتا كۆمەڵگە بە سەر سێ ئاستی(تاك، كۆ، سەركۆ) دابـــەش دەكات و هاوكات دەڵێت: «لە ئاســـتی تاكدا، تاكـــی كوردی تاكێكی ناوشـــیارە بەرامبـــەر بە ژن و مافەكانـــی، بەرامبەر بەو گۆڕانكارییانەی كە لە ڕێی جیهانگەراییەوە سەرجەم وڵاتانی دونیای گرتۆتەوە، لەم ڕووەشەوە جیاوازی هەیە لە نێوان تاكی نێر و تاكی مێ دا، تاكی نێر بەهانە بۆ ئەو پێشـــكەوتنانە دەهێنێتەوە و بە تێكدانی باری ئەخلاقی و لاساییكردنەوەی وڵاتانی ڕۆژئاوای ناودەبات، واتە زۆربەی پیاوی كورد مێشكێكی ئاراستەكراوی هەیە و هەم لە ڕووی كەلتووری و هەم لە ڕووی ئایینییەوە ڕەوایەتی بە خۆی دەدات كە دەستی بچێتە خوێنی هاوســـەر، كچ، خوشـــك، یـــان دایكی، بـــەڵام بیری تاكی مێ ڕوویەكـــی جیاوازی هەیە، لە كوردستاندا مێ لە نێر هۆشـــیارترە، ئەمە لە بەر ئەوە نییـــە كە ئەوان زیاتر دەخوێننەوە، یان دەرفەتی زیاتریان هەیە، بەڵكو لە بەر ئەوەیە ژن هەســـت بە كەساســـی و بـــێ مافییەكانی خۆی دەكات و دەیەوێ چیتر لە پیاو قبووڵ نەكات و ئازادییەكانی پەیڕەو بكات».

ئومێـــد عەلی لە درێژەی قســـەكانیدا ئاماژە بە چەند ڕوانگەیەكـــی خانمە نووســـەری هیندی (لەیلا دوبێ) دەكات، كە ڕایوایە لە هەموو كۆمەڵگەیەكی پیاوسالاری دوو جۆر ئافرەت كێشـــەیان نییە و خۆشبەختن، یەكەم ئەوانەی كە كۆپی هەڵسوكەوتەكانی پیاون و ئەوكاتەی ئەیانەوێ چالاك بن و كار بكەن و پێگەیان هەبێ ئەوان تەنها وەك جەســـتە بە مێیەتی دەمێننەوە و باقی بیر و هەڵس و كەوتیان لە گەڵ پیاواندا جیاوازیەكی ئەوتۆیان نییـــە، دووەمیان ئەو جۆرە ئافرەتانەن كە بە ســـەر ئەو هێڵە مۆراڵیەكانەدا دەڕۆن كە لە نەخشـــەی ئەخلاقی

**حکومەت، پەرلەمان، دادگە و میدیاکان و ڕێکخراوەکانی حکوومی و ناحکوومی ئەرکی سەرشانیانە کە بە هەموو شێوەیەک هەوڵی بنبڕکردنی تاوانی کوشتنی ئافرەت بدەن**

کۆمەڵگەدا هاتووە، لە کاتێکدا ئەم جۆرە ئافرەتانە هیچ سوودێکی ئەوتۆیان بۆ باشترکردنی بارودۆخی ئافرەت نییە، چونکە ئەوان هەمیشە چاویان لەوەیە لە لایەنی سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگەوە پەسەند بکرێن، بۆیە بە گوێرەی یاساکانی کۆمەڵگە هەڵسوکەوت دەکەن».

ئەو خانمە نووسەرە جەخت لەوە دەکاتەوە کە «ئەو ئافرەتانەی کۆپی فکر و بیری پیاوان دەکەن، خۆیان لە مانەوەی کۆمەڵگەیەکی پیاوسالار و پیاوانێکی ژنکوژدا ڕۆڵێکی باڵا دەگێڕن».

ئومێد لە بەشی دووەمی دابەشکردنەکەی واتە (ئاستی کۆ) باسی ئەوە دەکات کە لە کۆمەڵگەدا لە سەر دوو بناغەی ئافرەت دەکوژرێت.

لە بەشی سێیەمی دابەشکردنەکەیدا (سەرکۆ)، باسی دەسەڵاتەکانی (یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری) دەکات و نموونە بەوە دەهێنێتەوە کە لە کۆمەڵگەی هیندی زیاتر لە یەك ملیار و دووسەد ملیۆن هاوڵاتی تێدا دەژین، ڕێژەی کوشتنی ئافرەت تا دوا رادە کەمە. دەپرسین بۆچی؟ چونکە لەڕووی یاساییەوە هەموو مافەکانی ئافرەت دیاری کراون و سزای زۆر توندیش بۆ ئەوانە دیاری کراوە کە ئازاریان دەدەن، گوتیشی: «کۆمەڵگای هیندی لە ماوەی تەنها بیست ساڵدا، بە یاسای تۆکمە و جێبەجێکردنیان و هۆشیارکردنەوەی تاکەکان بەو یاسا و سزایانە، لە کۆمەڵگەیەکی ژنکوژەوە بوو بە کۆمەڵگەیەکی رەها و نیشتمانێکی پڕ لە خۆشبەختی بۆ ئافرەت، بەڵام ئەو رۆژەی یاسایان دانا، وتیان نابێ یاساکانمان لە ژێر کاریگەری ئایین و دابونەریتدا بن، ئەوەش کلیلی سەرکەوتنی یاسا و حکومەتێکی سیکولارە».

ئومێد عەلی ڕێکارەکانی چارەسەر لە دوو قۆناغی (کورت ماوە و خێرا) و (درێژخایەن و بنەڕەتی) دەستنیشان دەکات و بە پێویستی دەزانێت کاری بەپەلە بۆ هۆشیارکردنەوەی تاکەکان و هەوڵدان بۆ ڕاکێشانی زۆرترین ڕێژەی ئافرەت بۆ خەباتکردن و تێکۆشان بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان بکرێ، وەك چارەسەرێکی درێژخایەن و بنەڕەتیش بە پێویستی دەزانێت، گرنگی بە بابەتە یەکسانی رەگەزی لە دەستووری وڵات بدرێ، هەروەها وانەی یەکسانی رەگەزی لە سەرجەم قۆناغەکانی خوێندندا تەنانەت لە زانکۆ و قۆناغی خوێندنی باڵاشدا بخوێندرێ.

سۆزان عارف سەرۆکی ڕێکخراوی تواناسازیی ئافرەتان، سەرەتا ئەوەی بۆ گۆڤاری گوڵان خستەڕوو کە کۆمەڵگە و ئەو دابونەریتەی کە بەرهەمی هێناوە هۆکاری سەرەکی جیاوازی ڕەگەزین و گوتیشی: «بەهۆی ئەو دابونەریتەی کە کۆمەڵگەی خێڵەکی بەرهەمی هێناوە، هەمیشە پیاو دەکرێتە پاڵەوان و ئافرەت دەکرێتە تاوانبار، تەنانەت ئەگەر ئافرەتێك بە کارەساتێك بسووتێت، ئەوا دەگوترێ بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتییەوە خۆی کوشتووە، یان لە سەر کێشەی کۆمەڵایەتی سووتاندوویانە، واتە چەمکی عورفی کۆمەڵایەتی و ئەو یاسا نەریتییانەی کە کۆمەڵگە





لەناو خۆیدا بەرهەمی هیناوە، هەمیشە پەنجەی ڕەخنە بۆ ئافرەت درێژ دەکات و وەك تاوانبار تەماشا دەکرێت، ئەوەش لە نەوەیەکی کۆنەوە بۆ نەوەیەکی نویێ گوازراوەتەوە و کەسیش نەیتوانیوە ئەو نەریتانە بگۆڕێت، چونکە هەر کەسێك بیەوێت کەمێك گۆڕانکاری لەو نۆرمە نەریتییەی کۆمەڵگە بکات، ڕاستەوخۆ کۆمەڵگە سزای دەدات و بە کەسێکی یاخیبوو لە قەڵەمی دەدەن».

سەرۆکی ڕێکخراوی تواناسازی ئافرەتان، جەختی لەوە کردەوە کە «خێزانەکانی کۆمەڵگەی ئێمە مودمین و ئالوودەی بیری جیاوازیی ڕەگەزین و هەمیشە کوڕیان لە کچ بە گرنگتر زانیوە، بۆیە کاتێك کوڕیان دەبێت، ئاهەنگی بۆ دەگێڕن و بەپێچەوانەوە ئەگەر کچیان ببێت، نەك ئاهەنگ ناگێڕن، تەنانەت لۆمەی دایکی کچەکەش دەکەن».

سۆزان لە کۆتایی ئاخافتنەکەیدا باسی ئەوەی کرد، کە لە هەر کۆمەڵگەیەك هەتا جیاوازیی ڕەگەزی زیاتر بێت، بیانووەکانی کوشتنی ئافرەتیش زیاتر دەبێت. گوتیشی: «پێناسەی چەوتی شەرەف بووەتە یەکێك لە گەورەترین قەیرانەکانی کۆمەڵایەتی و هەمیشە ئافرەتانی کردووەتە قوربانی دەستی کۆمەڵگەیەکی نەریتسالار، بۆیە کوشتنی ئافرەت لەسەر شەرەفی بۆتە دیاردیەکی ئاسایی، تەنانەت ئەگەر ئافرەتەکە بە قەزاو قەدەریش بمرێت، زۆر جار تاوانی شەرەفی دەخرێتەپاڵ».

دەروونناس سامان سیوەیلی لە ئاخافتنێکیدا بۆ گوڵان، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «لە کۆمەڵگەی ئێمەدا هەر حوکمدانێك، یان جیاکارییەك کە لە هەر ڕووداوێکی توندوتیژی و نەخوازراودا کە بەرامبەر بە ئافرەتان ڕوودەدات، زیاتر ئافرەتی پیێ تاوانبار دەکرێت و ئەوەش دەرهاویشتەی کەلتووری پیاوسالارانەیە، بێگومان ئەو جیاکارییانە تەنانەت لە کوشتن و مردنیشدا رووبەڕووی ئافرەت دەبێتەوە، کە بەردەوام کۆمەڵگە ئافرەتەکە تاوانبار دەکات».

سیوەیلی سەبارەت بە هۆکارەکانی ئەو جیاکارییە، جەختی لەوە کردەوە کە «کۆمەڵگە نەریتییەکان هەمیشە بەگومانەوە لەتواناکانی ئافرەتان دەڕوانن، ئەمەش وایکردووە هەمیشە ئافرەت بەدەر نەبێت لەکێشەکان و تەنانەت لەدوای مردنیشی لە بوختان ڕزگاری نابێت، زۆرجار بیستراوە ئەگەر ئافرەتێك بە ڕووداوێکی قەزاو قەدەریش کۆچی دوایی کردووە، کەچی دەیان لێکدانەوەی بۆ کراوە و ناوناتۆرەی جیاوازیان خستۆتە شوێنی، چونکە هەر لەمنداڵییەوە لەسەر بنەمای جیاکاری پەروەردە کراون».

ئاریژ محەممەدی خانمە چالاکی بواری مافەکانی ئافرەت، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «گەرچی کوشتنی ئافرەتان بە بیانووی جۆراوجۆر مێژوویەکی قووڵی لەناخی مرۆڤایەتیدا هەیە، بەڵام کوشتنی ئافرەت بەبیانووی شەرەف نادروسترین ڕەفتارە و بەداخەوە لە هەموو وڵاتێکدا بەدی دەکرێت، تەنانەت لە وڵاتە پێشکەوتووەکانیشدا گەر دیاردەش نەبێت، ئەوا وەکوو حاڵەت بوونی هەیە، بەڵام ناکرێت ئەمە بکرێتە پاساوێك بۆ ئەوەی کە چاوپۆشی لەم دیاردەیە لە کوردستاندا بکەین».

ئەو چالاکە مەدەنییە ئەوەشی دووپات کردەوە کە «لە کۆمەڵگەی ئێمە کچ وەها پەروەردە دەکرێت،




کە هەتا منداڵە موڵکــی بــاوك و براکەیەتی و دواتریش دەبێتە موڵکی هاوســەرەکەی، هەتا ئەو بــە کاڵا زانینــەی ئافرەت و موڵکدارییەی پیاو بەرامبەر بە ئافرەت بەردەوام بێت، ژنکوژی بەردەوام دەبێت.

توێژەری کۆمەڵایەتی ئاراس عەزیز، سەبارەت بە هەمــان تەوەری ڕاپۆرتەکەمان ســەرەتا جەخت لەوە دەکاتەوە کە کاردانەوەی نەریتی و خێڵەکیی کۆمەڵگەی عەرەبی ڕێژەی کوشــتنی ئافرەتی لە کوردســتان بەرز کردووەتەوە. گوتیشــی: «لەزۆربەی وڵاتان کوشــتنی ئافرەت بە ڕێژەی جیاواز بوونی هەیە، بەڵام لە وڵاتانی عەرەبــی زۆر زیاترە. لە مێژووی کۆنی کورداندا ئافرەت پێگەی تایبەت و بەرزیان هەبووە، بەڵام عەرەب کوشتنی ئافرەتانی بە بیانووی جۆراوجۆر حەڵاڵ کردووە، کوردیش نەتەوەیەکی ژێردەستی عەرەب بووە، بۆیە سووکایەتی بە ئافرەتان و کوشتنیان بە نەریتێکی هاوردەی کۆمەڵگەی عەرەبی دەزانرێ».

ئاراس لە درێژەی قســەکانیدا باســی ئــەوەی کرد کە «بەڵگــە مێژووییەکان ســەلماندوویانە بەر لە هاتنی ئایینی ئیســلام لە نیمچە دوورگەی عەرەب ئافرەتان بــەردەوام بە توندی ئازار دراون و تەنانەت ئەگەرماڵێك کچیان ببوایە، دەیانکوشــت، گەرچی بە هاتنی ئایینی ئیســلام کوشــتنی کچی کورپە لە لای عەرەبەکان بنبڕ کرا، بەڵام توندوتیژییەکانی پیــاو بەرامبەر بە ئافرەت بە شــێوازی دیکە بەردەوام بووەو ئەو نەریتەش بەهۆی دراوسێیەتی و ژێردەستییەوە بۆ کۆمەڵگەی کوردەواری گواستراوەتەوە».

ئەو توێژەرە لە کۆتایی قسەکانیدا لایەنی دەروونیی تاك و جــۆری پەروەردەیان بۆ ڕێزگرتن لــە هەردوو ڕەگەز بە پێوەری ســەرەکی دانا و گوتی: «هەمیشە تاکەکان لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا هەر لە منداڵییەوە لەســەر توندوتیژی بەرهەمهێنراون و کچ بە چاوێکی کەمتر لە کوڕ پیشانی کۆمەڵگە دراوە، بۆیە کوشتنیشی ئاسانتر بووە».

بەڵام ئەرســەلان ســلێمان قوتابی ماجستیر لە بواری زانســتە ئیســلامییەکان، ڕایوایە: «ئایینی ئیسلام هەموو مرۆڤەکانی لەدەســت زوڵم و زۆر و ئەشکەنجە ڕزگارکردووە و مافەکانی بۆ ئافرەتان دەستەبەرکردووە». گوتیشی: «ئایینی پیرۆزی ئیسلام بەیەك چاو سەیری ئادەمیزاد دەکات و بەبێ جیاوازی گرینگییەکی زۆری بەمرۆڤەکان داوە، خودای گــەورە پێمان دەڵێت: (ولقد كرمنا بني آدم وحملناهم فى البر والبحر ورزقناهم من الطيبــات وفضلناهم على كثيــر ممن خلقنا تفضيلا) واتا ڕێزمان لەمرۆڤ گرتووە، بێڕێزی کردن بەرامبەر بەمرۆڤ بەهەر هەڵســووکەوتێك بێت، خودای گەورەوە بەهەڵــەی داناوە، بەڵام بەداخەوە دابونەریتەکان وەهایان کردووە کە سیستەمی پیاوسالاری دروستبێت و کوشتنی پیاو بەلای کۆمەڵگەوە تاوان و کوشتنی ئافرەت ئاسایی بێت، یان ئەگەر پیاوێك بکوژرێت ئەوا دەکرێتە پاڵەوان،



**ئەو ئافرەتانەی کۆپی فکر و بیری پیاوان دەکەن، خۆیان لە مانەوەی کۆمەڵگەیەکی پیاوسالار و پیاوانێکی ژنکوژدا ڕۆڵێکی باڵا دەگێڕن**

**کۆمەڵگای هیندی لە ماوەی تەنها ٢٠ ساڵدا، بە هۆشیارکردنەوەی تاکەکان بە یاسای تۆکمە و جێبەجێکردنی سزای یاسایی، لە کۆمەڵگەیەکی ژنکوژەوە بوو بە نیشتمانێکی پڕ لە خۆشبەختی بۆ ئافرەت**

بەڵام ئەگەر ئافرەتێك بكوژرێت، تۆمەتی نامووسی دەخرێتە پاڵ، ئەوەی گرنگە ئایینی پیرۆزی ئیسلام كوشتنی بەهەموو جۆرەكانییەوە بە حەرام و تاوان داناوە، جا پیاو بێت یان ئافرەت بێت، خودای تاك و تەنیا فەرموویەتی:(من قتل نفسا بغير نفس أو فساد في الارض فكأنما قتل الناس جميعا) واتا وشەی نەفسی بەكارهێناوە، زۆر لە شارەزایانی زمانی عەرەبی باس لەوە دەكەن كە وشەی نەفس بە مانای ڕۆح دەێت، ئیتر ئەو ڕۆحە هی ئافرەت بێت، یان پیاو، بێت هەر ڕۆحە».

لە لای خۆیەوە مافپەروەر هێرۆ حەكیم، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «بەداخەوە لە هەموو وڵاتانی دواكەوتوودا كۆمەڵگە ئافرەتی بەپلە دوو داناوە، بەڵام یاساكان تاڕادەیەك توانیویانە هاوسەنگی دروست بكەن و هەمیشە یاسا دەتوانێت بەرگری لە ئافرەتان بكات، ئەوەتا پەرلەمانی كوردستان لە ساڵی (٢٠٠١) یاسای ژمارە چواردەی دەركردو یاسا كۆنەكەی هەموار كردەوە، چونكە لەیاسای عێراقدا كوشتنی ئافرەت لەپیاو جیا كرابۆوە، بەڵام پەرلەمان ئەو یاسایەی هەموار كردەوە و ئەو جیاوازییەی نەهێشت و لە بڕگە یاساكەی هەرێمدا كوشتنی ئافرەت و پیاو وەك یەك حیساب كراوە».

ئەو یاساناسە جەخت لەوە دەكاتەوە كە «حكومەت، پەرلەمان، دادگە و میدیاكان و ڕێكخراوەكانی حكوومی و ناحكوومی ئەركی سەرشانیانە كە بە هەموو شێوەیەك هەوڵی بنبڕكردنی تاوانی كوشتنی ئافرەت بدەن».

گوتیشی: «ئێمە ئێستا لە كۆمەڵگەیەكی ئینتیقالیدان و بەرەو كۆمەڵگەیەكی مۆدێرن هەنگاو دەنێنین، بۆیە زۆر گرنگە كە بتوانین بە هەموو شێوەیەك خزمەتی ئافرەتان بكەین، بۆ ئەوەی مافەكانیان دەستەبەر بكەن».

